# کۆمەڵی ئیسلامی باندیکی تیرۆریستە و لەسەر فەتوادانیان بۆکۆشتنی ئینسان دەبی چالاکیان قەدەغەبکریت!

رۆژی 2006/2/14 لە ڕۆژنامی "ئاسۆ"ی ژمارە 191 دا کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی ڕادەگەیەنێت لە ڕیگای ئەندامێکی سەرکردایەتی خۆیەوە "مەلا زانای ڕۆستایی"یەوە. ڕۆستایی بە "ئاسۆ" ڕادەگەیەنێت کە " کۆمەڵی ئیسلامی فەتوای کوشتنی مەریوان هەڵەبجەیی داوە، ئەگەر حکومەت بەپێی شەرع سزای نەدات، یان ئەگەر مەریوان پەشیمان نەبێتەوە...".

کۆمەڵی ئیسلامی وەك هێزیکی تیرۆریست هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوە کە خەڵکی کوردستان بە ئەسیری لەسایەی خورافەو جەهلو تاریکیدا ڕابگرێت. هەردەم وەکو هێزیك تا بۆیان لوابێتو پێیان کرابێت لە هەوڵی سەرکوتو زەوتکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان بوون، لە هەورامانەوە بگرە تاکو ناوچەی پشدەر. خەسڵەتی سەرەکی ئەم هێزە تیرۆریستە زەربەدانە لە مافە فەردیو مەدەنیو سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان، لە ئازادی جلو بەرگ پۆشینەوە بگرە تاکو دەگات ئازادی سەفەرو مافەکانی ژنانو ئازادی ڕادەربڕینو ئازادییە سیاسیەکانی دیکەو تا دەگاتە ئەوەی کە ئینسان مافی ئەوەی هەبێت بچێتە سەیرانو کەیفی خۆی بکاتو گوێی لە میوزیکی ڕۆژئاوایی بێت... ئەمە مێژوویی ڕەشی ئەم ڕەوتو هێزە تیرۆریستانەن کە لەسایەی جمهوری ئیسلامی ئێرانو شەڕی ناوخۆو دواجاریش لەسایەی داگیرگاری ئەمەریکادا بە تەوای لغاویان بەربوە.

کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستاندا خۆی بە حاکمو حکومەت دەزانێو بڕیار دەردەکات بەکوشتنی ئینسانێکی ئازادیخواز لەسەر نوسینی پەرتوکێك، تەنانەت فەرزی کردوە بەسەر ئیدارە سلێمانیدا کە بەپێی شەرع حوکمی بدەن، ئەگەر نا ئەوە خۆیان دەیکوژن! ئەم بەرز فڕییەی کۆمەڵ لەم کاتەدا بە هۆی هەڵمژینی شنەبای تیرۆریستانی دنیاوەیە کە هاتونە مەیدان دژی ئازادیو مافە فەردیو مەدەنیەکانی کۆمەڵگای بەشەری. کۆمەڵی ئیسلامی بەم فەتوایەی بەپێی یاسا مەوجودەکانی ئێستا لە کوردستان تاوانبارەو پێویستە وەك هێزیکی تیرۆریست دادگاییبکرێت، ئەگەر نا حوکمی کوشتن دەبێتە حوکمی هەر دارو دەستەیەکی دیکەی تیرۆریستو کوردستان دەبێتە مەیدانی فەتواچیانی تیرۆریست.

ئیمە بەتوندی ئەم بانگهێشتنە تیرۆریستیەی کۆمەڵی ئیسلامی ئیدانە دەکەینو لەهەمانکاتدا ، لەهەوڵی ڕیسوایی کردنی ئەم بانگهێشتنانەدا دەبین لە ئاستی جیهانیدا.

بەر پرسیاریتی ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی راستەوخۆ لەئەستوی دەسەلاتدارانی کوردستاندایە. ئیدارەی سلێمانی لە بەرانبەر سەلامەتی گیانی مەریوان هەڵەبجەییو خیزانەکەیدا بەرپرسە. هاوکات بانگەشەو فتوا بۆکوشتنی ئینسان پێچەوانەی ژیانی کۆمەلگای مەدەنی کوردستانەو ئەوانەی پەنای بۆدەبەن پێویستە وەك تیرۆریستو تاوانباریکی ئینسان کوژ چاویان لێبکرێتو ئیدانە بکرێن. بۆیە پێویستە بەشیوەیەکی یاسایی چالاکی باندە تیرۆریست و ئینسان کوژەکەی کۆمەڵی ئیسلامی قەدەغە رابگەیەنری. لە هەمانکاتدا لەسەر هەموو ئازادیخوازان و نوسەرو روناکبیرانی کوردستان و هەموو ئەوانەی کەخوازیاری ئازادی بیروار دەربرینو هەموو ئەو حیزب و لایەنانەی کوردستان کە کە باوەڕپان بە لایەنی کەمی مافە ئینسانیەکان هەیە، پێویستە پاریزگاری لە ئازادی بیرو ڕادەربڕین بکەنو ئەم بانگهێشتنە تیرۆریستیەی کۆمەڵی ئیسلامی ئیدانەو ڕیسوا بکەن.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/2/15